# هەڕەشەکانی ئەمەریکا بۆسەرعێراق وئەڵتەرناتیفێکی کۆنە پەرستانە

**ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**

یەکێك لە پیلانەهەرەرادیکالیستەکانی روبەدەرەوەی سیاسەت وسیناریۆکانی ئەمەریکا بۆهێرش کردنەسەرعێراق وگۆرینی حوکم لەم وڵاتە، یەکخستن وهاندانی هێزەنەیارەکانی عێراقە و لەناو ئەوانیشداکۆکردنەوەی ئەفسەرەراکردوەکانی سوپای عێراق کەتادوێنی ئەلقەلەگوێی رژێم بون وتابناگوێ یان غەرقی زەلکاوی خیانەت وجینۆسایدبون لەدژی خەلکی عێراق ودەستیان سورەبەخوێنی دەیان هەزارلە رۆلەتێکۆشەرەکانی خەلکی ئەم وڵاتە لەنمونەی (نزارخەزرەجی و وەفیق سامەرائی)ودەیان تاوانباری ترلەگەورەئەفسەرانی هەڵاتوی سوپای سەرکوت گەری رژێمی عێراق کەلەچەندرۆژی رابوردودالە(لندن)بەئامادەبونی نوێنەرانی ئەمەریکا وبەریتانیاونوێنەرانی هەردوحیزبی دەسەلاتدارلەکوردستان وهەندێ گروپی شیعەی عێراقی سەربەجمهوری کۆنە پەرستی ئسلامی ئێران کۆنگەریەکیان گرێ دا، کەئەم نمونەیەلەباشترین حالەتدابەدیل ودیاری دەستی امرکادەبێت بۆدەولەتی ئایندەی عێراق بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەم وڵاتە، یەك دەنگ بون ویەك هەلوێستی ئەم کۆنگەریەلەبەرامبەرتەرح وبەدیلی ئەمەریکا سەبارەت بەشکل وشێوەی دەولەتی ئایندەی عێراق تائەوجێگایەی مەسەلەکە پەیوەندی هەیەبەکۆنەئەفسەرانی ژێمەکەی دیکتاتۆری عێراقەوەهیچ قسەیەك هەلناگرێت،بەلام ئاخۆحیزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستان لەبەرامبەرمسئولیەتی خەبات وخوێنی دەیان سالەی خەلکی کوردستان وتاوانەکانی ئەنفال وکیمیاباران بەدەستی بەشێك لەم کۆنەئەفسەرانەی رژێمی دیکتاتۆری بغدا ودەست کەوتەکانی راپەرینی بەهاری ١٩٩١ چ جۆرەهەلوێستێك لەبەرامبەرئەم بەدیلەی ئەمەریکا بۆئایندەی عێراق لەخۆ نیشان ئەدەن وچ ئومێدێکیان بەوەدەبێت کەلەوشکل وشێوەدەولەتەی دوای رژێمی سدام لانی کەم ئەوەی کەئێستالەدەستیاندایەئەتوانن وەك دەست کەوتێك بۆخۆیان بی پارێزن وزەمانەتێك مسوەگەربکەن کەجارێکی ترخەلکی کوردستانی عێراق ناکەوێتەوەژێر رەحمەت ودەسەلاتی خەزرەجی یەکانی ئەم کۆنگرەیە؟؟ ولام دانەوەبەم پرسیارەسەبارەت بەئایندەی کوردستان مسئولیەتێکەراستەوخۆلەئەستۆی رابەرایەتی یەکێتی وپارتی دایەوەك ددوهێزی چەکداری سەرەکی لەکوردستان، بەشداری کردنی حیزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستان لەسیناریۆی هێرشی سەربازی ئەمەریکا بۆسەرعێراق وگۆرینی رژێم وسەپاندنی دەسەلاتی خەزرەجی یەکان بەسەرخەلکی عێراقدا، بەبێ مەرجی سەربەخۆیی بۆکوردستان ورۆشن کردنەوەوشەرعیەت پێ دان وبەرەسمی یەت ناسینی ئەم مەتلەبەی خەلکی کوردستان پێش وەخت لەلایەن ئەمەریکا وە هەلەیەکی مێژووی دەبێت وئایندەی سیاسی خەلکی کوردستان جارێکی تربەچارەسەرنەکراوی دەهێلێتەوەوچارەنوسی سیاسی ئەم جوگرافیایەدوبارە ئەکەوێتەوەدەستێکی نائەمینەوە.لەلایەکی ترەوەدەولەتی تورکیاسەرەرای نیشاندانی نارەزایەتی خۆی لەهێرشی ئەمەریکا بۆسەرعێراق بەلام لەکاتی روداني کردەوەیەکی سەربازی ئەوتۆکەببێتەهۆی روخاندنی رژێمی سدام لەرێگای بەرەی تورکمانەکانی عێراقەوە و بەمەبەستی پێشگرتن لەجێگیربونی قەوارەیەکی سیاسی ودەست دەخاتەکاروباری ناوخۆی کوردستانەوە، کەچەندجارێك تائێستائەم هەلوێستەی خۆی بەئاشکرا



www.kurdistannet.org

راگەیاندوە. ئێستالەدوای کۆنگرەی (لندن)بۆهەمولایەك رون بۆتەوە کەئەمەریکا چ جۆرەتەرح وبەدیلێکی دەوێت بۆدەولەتی ئایندەی عێراق، لەوکۆنگرەیەدائەوەی ناوی (فیدرالیەتە)بۆئیدارەی عێراق هیچ باسێکی لێوەنەکرا؟، تەرح بەدیلێکی ئەوتۆش کەلەلایەن حیزبەدەسەلاٌتدارەکانی کوردستانەوەنیشان دراوە، بەجیالەوەی کەئەم تەرحەکوردستان هەربەژێردەستەیی وخەلکەکەشی هەربەهاولاٌتی دەرەجەدولەچوارچێوەی دەولەتی مەرکەزیدائەهێلێتەوەوئەم رێگاچارەیەهیچ را پرسی یەکی بۆنەکراوەوبەشێوەیەکی شەرعی وقانونی دەنگی خەلکی کوردستانی نەچۆتەپشت وئەم مەتلەبەتەنهاداخوازی یەکێتی وپارتی یەبۆشەریك بون لەدەسەلاٌتی سیاسی ئایندەی عێراقدا، لەلایەن خودی ئەمەریکا وتەنانەت ئۆپۆزسیۆنی عێراقی شەوەهیچ جۆرەپێشوازیەکی ئەوتۆی لێ نەکراوەولەچوارچێوەی تەرح وئەلٌتەرناتیفی دەولەتی ئایندەی عێراقداجێگایەکی بۆنەکراوەتەوەولەلایەکی تریشەوەبەشداری کردنی شاحسن ی ئەردەن لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدانامەیەکی ئاشکرایەلەئارەزوی ئەمەریکا بۆگەراندنەوەی حوکمی مەلەکیەت بۆعێراق، لەسەرەتاوەحیزبەدەسەلاٌتدارەکانی کوردستان بەگومانەوەدەیان روانیەتەرح وبەرنامەی نارۆشنی ئەمەریکا سەبارەت بەلێدانی عێراق وئایندەی ئەم ولاٌتە، بەلاٌم ماوەیەکە لەکەنالەکانی راگەیاندنیانەوە زمانی تەبلیغاتی خۆیان گۆریوەوخۆش باوەری خۆیان سەبارەت سیناریۆکانی ئەمەریکا نیشان ئەدەن وپێ دەچێت بریاری تەواویاندابێت لەکاتی ئاخرین بریاری ئەمەریکا بۆهێرش کردنەسەرعێراق بەشداری هێزەکانی ئەمەریکا بکەن.

٢٠٠٢/٠٧/١٤هۆلند